





# کورتە مێژووی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی فینلاند




حیزبی دێموکراتی کوردستان – کۆمیتەی فینلاند

سەرچاوە
Serchawe

# کورتە مێژووی کومیتەی حیزبی دێمۆکرات لە وڵاتی فینلاند

**٢٠٢١ - ١٩٩٦**

## پێرستی بابەتەکان


- پێشەکی
- هەڵکەوتەی وڵاتی فینلاند
- پێناسەی حیزب
- راپۆرتێکی گشتی کار و چالاکیەکانی کۆمیتەی گشتی
- ریزبەندی کۆنفرانسەکان
- کۆتایی


## پێشەکی

ئەوەی لەم پەرتووکەدا دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەرانی بەرێز، کورتەیێکە لە مێژووی کۆنفرانس و کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی فینلاند .ئەم مێژووە کە زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە بە شێوەی رێکخراوو لە سەر بنەمای بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی ئەو حیزبە رێکخراوە. لەم چارەکە سەدەیەدا کار و تێکۆشان و چالاکی سیاسی خۆی بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و مافە رەواکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند دەست پێکردووە و هەروا درێژەی هەیە.

بە ئاکامی هەوڵ و بەدواداچوون بۆ ساغ کردنەوەو بە دێکۆمێنت کردنی ئەم مێژووە و بە پێی ئەو زانیاریانەی بەدەستمان هێناون، سەرەتای کاری رێکخراوەیی تەشکیلاتی حیزبی لە وڵاتی فینلاند دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤ی زایینی.

# کورتە مێژووی کومیتەی حیزبی دێمۆکرات لە وڵاتی فینلاند

لەسەرەتای دەیەی ٩٠ی زایینیدا، چالاکییە حیزبی و ڕێکخراوەییەکان لە دەرەوەی نەزم و نیزامێکی تەشکیلاتی و زۆرتر لە چوارچێوەی جموجۆڵی حیزبیانەی دۆستان ئەندامان و لاینگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چالاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند دەستی پێکرد .ئەو تێکۆشەرانە لەسەر بنەمای ئەو باوەرو دەروەستییە ئەخلاقی و تەشکیلاتیانەی هەیانبووە هەوڵیان داوە لە دەرفەتەکان کەڵک وەربگرن و چالاکییەکانیان یەک بخەن و کار بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو ئامانجانە بکەن کە ساڵانێک وەک پێشمەرگە یا ئەندامی نەهێنی لە کوردستان کاریان بۆ کردوە.

دواتر لە ساڵی ١٩٩٦ بەدواوە، بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسی ئەمنیەتی و کۆمەڵایەتیانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یارادا بوون و هەروەها هەلومەرجی تایبەتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لەو سەردەمەدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەی پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فینلاند رووی لە زیاد بوون دەکرد، لەو شەپۆلەی هاتنی پەنابەر بەرەو ئەورووپا، زۆری لە ئەندامان و لاینگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی وەک هەر ئینسانێکی دیکە روویان لە وڵاتی فینلاند و ئورووپا بە گشتی کرد .ئەم ڕێژە بەرچاوەی ئەندامانی حیزبی، پێویستی بە ڕێکخستن و سازماندان هەبوو لە چارچێوەی ئۆرگانێکدا .هەر لەسەر بنەمای دەرک کردن بەم زەروورەتە، بیرۆکەی پێکهێنانی کۆمیتەیێکی گشتی بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەو چالاک کردنەوەو سازماندانی دۆستان ئەندامان و لاینگرانی حیزب لەم وڵاتە هاتە ئاراوە.

یەکەمین کۆنفرانسێک بۆ ئەندامانی حیزب لە وەڵاتی فینلاندپێکهاتبێ دەگەرێتەوە بۆ بەهاری ساڵی ١٩٩٦ بە سەرپەرەستی کاک میرۆ عەلیار .ئەم کۆنفرانسە بۆتە یەکەم بەردی بناغەی پێکهاتنی کۆمیتەی حیزبی لە وڵاتی فینلاند و ڕێکخستنی ئەندامانی حیزبی لە چوارچێوەی ئۆرگانێکی تەشکیلاتی لە فینلاند.

لە کاتی دامەزرانی کومیتەی حیزبی دێمۆکرات لە فینلاند، تا ئیستا تێکۆشانی حیزبی هەوراز و نشیوێکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، زۆر گۆران لە شێوەی کارو بەرێوەبەرییەکەیدا پێکهاتووە، و زۆریک لە هاوڕییان ودۆستانی حیزب لەو ماوە دووروو درێژەدا ئەرکیان وە ئەستۆ گرتووەو لە چالاکانە بەشدار بوون لە ئەرکە حیزبی نەتەوەییەکانداو شەو شەونوخونیان بۆ کێشاوە .بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە چالاکییەکان و کارو ئەرکەکان بێ گرفت و کەم و کووری بووبێتن، سەرەرای ئەو زەحمەت و فیداکارییانەی ئەندامان کردوویانە، گەشەو و بەرەوپێشچوونی کارو

چالاکییە حیزبییەکان بە بەردەوامی لە پەرەسەندن و پەل هاویشتن بووە بۆ ناو کاری ڕێکخراوەیی ئەم کۆمەڵگایەی تێیدا نیشتەجێین واتە وڵاتی فینلاند.

ڕێکخستینی ئەندامان لە چوارچێوەی کومیتەیەکی حیزبیدا دەوری چاکی هەبووە لە درووستکردنی رایەڵێکی بەربلاوی پێوەندییە تەشکیلاتییەکان کە هەموان دەروەست بکا بە ئەرک و مافەکانیان، کاری باش کراوە بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە لە ئاست چاوەروانییەکاندا بووبێتن یان کەم و کەسری نەبووبێ، دەبێ هەوڵی زیاتری بۆ بدرێ. لەم پێوەندییەدا پێمان وایە زۆریشی ماوە تا بگاتە ئەو ئاستەی کە بۆجوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە . بەڵام ئەمە کارێک نییە کە پێمان نەکرێ.

رابردوی زیاتر لە ٢٥ساڵ کاری ڕێکخراوەیی بۆ ئەندامان حیزبی یا ئەو دۆستانەی راستەوخۆ لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە هاتوونەتە فینلاند، دەرفەتێکی باشە کە بتوانین وێرای کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو ماوەیەی کاروچالاکی تێکۆشانمان بۆ داهاتووی کاری رێکخراوەیی و حیزبیمان کەڵکی لێ وەربگرین، لە هەمان کاتدا بتوانین خوێندەوەیەکی نوێ و سەردەمیانە بۆ کاری ڕێکخراوەیی و ئۆرگانیمان بکەین کە لە گەڵ رەوتی ئاڵ و گۆر و پێشکەوتنەکانی سەردەم بگونجێ کە هەم لە بەرژەوەندی گشتی حیزب دا بێ و هەم ئەوەیکە گەر سەرکەوتووبووبێ بکرێ بە پرۆژەیێک لە ئاستێکی بەربڵاوتر لە رۆژهەڵاتی کوردستان کەڵکی لێ وەربگرین.

بزوتنەوەی رزگاری خوازی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات خاوەنی سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی ئینسانیە، ئەگەر بتوانین پێشمەرگە ئاسا لە بەرژەوەندی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان وزەو تواناییەکانمان بخەینە سەر یەک بە دڵنیاییەوە دەتوانین نەک هەر لە چالاکتربوونی ئەرکە تەشکیلاتییەکاندا کاریگەر دەبێ بەڵکو دەتوانین لە ئاستێکی بەربەرینتردا لە گەشەسەندنی کاری رێکخراوەیی و تەشکیلاتی ناو جوڵانەوەکەماندا شوێندانەر و کاریگەر بین، بەو هیوایە کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سایەی خەبات و قوربانیدان و لەخۆبردویی رۆڵە بە ئەمەگ و فیداکارەکانی خۆیدا بە ئازادی و سەربەستی بگا و لە ژێر سێبەری حکومەتێکی میللی و دێموکرات و دادپەروەردا ماندوویەتی مێژووی دوور و درێژی خەبات و تێکۆشان لە لەش دەرکا و بحەسێتەوە.

## هەڵکەوتەی وڵاتی فینلاند

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دا ڕێژەی کۆچبەرانی کورد لە دنیا دا گەیشتە نزیک بە دوو میلیۆن کەس، و لە سالەکانی ١٩٩٠ی زایینی دا کوردەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان هاتوونەتە وڵاتی فینلەند.

وڵاتی فینلەند لە باکووری ئوروپا هەڵکەوتووەو یەکێک لە وڵاتانی سکاندیناڤیە. لە ڕۆژهەڵات لە گەڵ وڵاتی ڕووسیە جیرانە. باشوور و بەشی زۆری ڕۆژئاوای وڵاتەکە بە دەریا دەور دراوە و لە باکووری ڕۆژئاوا لە گەڵ وڵاتی سوئێد هاوسنوورە. لە باکووریش جیرانی وڵاتی نۆروێژ هەرچەند وڵاتی فینلەند لە باری جوغرافییەوە وڵاتێکیە درێژ هەلکەوتۆ ومەودای باکوور و باشووری ١١٦٠ کیلۆمیترە.

ئەندامان و لایەنگرانی حدکا هەر لە سەرەتاکانی ١٩٩٠ ڕا بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبییان یەکەم گرووپی کوردیین کە کومیتەی حیزبیان پێکهێنا وە و توانیویانە هاوڕێیانیان لە دەرەوەی وڵات سازمان بدەنەوە. بە پێی سەرژمێرییە ڕەسمییەکان تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ ڕێژەی کورد لە وڵاتی فینلەند١٤٨٠٣ کەسە

## پێناسەی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت - نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە دوای شەری یەکەمی جیهانیدا، ئەو ئیمکانەی بە کورد نەدا تا ئەو نەتەوەیەش ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەبەخۆ، ڕێکخراو نەبوونی وشیاریی کورد لە ئاستی پێویستدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا لە لایەک و دەستێوەردانی نادادپەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە کاروباری ناوچەکەی ئێمەدا لە لایەکی دیکەوە بوون بە هۆی بێبەشکرانی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی.

ئەم بارودۆخە بوو بە هۆی دارشتنی سنووری دەوڵەت - نەتەوە تازە پێکهاتووەکانی ناوچەکە بە قازانجی چەنەند نەتەوەیەک و لە سەر حیسابی دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستان حاشا کردن لە پێناسی نەتەوەیی کورد و مافی



سەرچاوە
Serchawe

بەشداربوونی ئەم نەتەوەیە لە دەستەڵاتی سیاسیدا، هەر ئەو غەدرە مێژووییەش بوو بە سەرەتای دەورەیەکی نوێی خوێناوی و پرتێچوو لە خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسدا.

هەرچەند پلانی سرینەوەی سیستیماتیکی پێناسی نەتەوەیی کورد لە ئێرانیش دا بە بەشێکی جیانەکراوە لە پرۆژە (دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی) بە هاتنە سەرکاری رەزاشای پەهلەوی بووە، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە نەیان توانیوە رێ لە رەوتی سروشتیی گەشەساندنی مێژوویی کەسایەتیی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بگرن.

ناسیۆنالیزمی مۆدێرنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە لایەکەوە بەرهەمی پێگەیشتنە بابەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و لە لایەکی دیکەشەوە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی بژاردەکانی کورد بوو کە لە رێگەی پێکهێنانی کۆمەڵەی (ژ.ک)وە لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی(١٩٤٢ی زایینی)دا شێوازی رێکخراویی بە خۆیەوە گرت.

پێناسەی کۆمەڵەی(ژ.ک) بنچینەی لە سەر بەرزبوونەوەی بیری نەتەوەیی و رزگاری کورد لە هەموو کوردستان و دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد بوو.

ژ.ک لە پاش سێ ساڵ بە هۆی بەرین بوونەوەی مەودای چالاکی و لە سەروبەندی پێکهاتنی زەمینە بۆ پێکهێنانی دەستەڵاتێکی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموو چین توێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ریزەکانی خۆیدا جێ بکاتەوە جێگای خۆی دا بە **حیزبی دێموکراتی کوردستان** بەم پێیە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ای ئووتی ١٩٤٥ی زایینیدا بە رێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد هاتە جێگای کۆمەڵەی(ژێکاف).

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناخەی کۆمەڵەی(ژ.ک) بە نوختە گۆرانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورددا و بە سەرەتای قۆناخێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان دەژمێردرێ، بە رێبەرایەتی ئەم حیزبە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا توانی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کوردستاندا دابمەزرێنێ،

کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار ستاتووی دەستەڵاتی کوردیی بە شێوەیەکی مودێرن و بە نێوەرۆکێکی دێموکراتیکەوە نیشان دا، هەرچەند کۆماری کوردستان پاش یازدە مانگ دەستەڵاتداریی دێموکراتیک بە هۆی هێرشی دەستەڵاتی پاشایەتی ئەو سەردەمەی ئێرانەوە جوانەمەرگ کرا بەڵام ئەزمونی دێموکراتیکی دەستەڵاتداری لە کۆماری کوردستاندا بە لاپەرەیەکی زێرینی مێژووی خەباتی سیاسی گەلی کورد لە پێناوی وەیهێنانی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی دا دێتە ئەژمار.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە حەوت دەیە لە تەمەنی خۆیدا زۆر فەسڵی زێرینی لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار کردوون، زۆر سەکەوتنی گەورەی بە دەست هێناون و توشی نوشوستی و پاشەکشەش بووە، بێجگەلە دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە لووتکەی سەرکەوتنی ئەم حیزبە و بە گشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بوو ئەم حیزبە بزوتنەوەی پرشکۆی ساڵانی ١٣٤٦، ٤٧ی بەرپا کردوە، چەندی جار لە ململانەی هەڵبژرادن دا خۆی تاقی کردۆتەوە و هەموو جارێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و سەرەنجام بۆ ماوەی چوار دەیە خەباتێکی قارەمانانەی بە دژی دیکتاتۆری و سەرەرۆیی کۆماری ئیسلامی بەرێوە بردوە.

حیزبی دێموکرات لە مێژووی دەیان ساڵەی خۆیدا چەند جار لە ئاکامی ناکۆکیی نێوخۆیی دا تووشی لێکدابران و چەند پارچەیی بووە و تێکۆشیرانی ئەم حیزبە لە جیاتی تێکۆشان لە حیزبێکی واحیددا بوون بە دوو بەش و بە جیا تێکۆشان و خەباتی خۆیان درێژە داوە بەڵام دواتر کەوتوونەتەوە سەر یەک، لە زۆربەی ئەم حاڵەتانەدا تێکۆشەرانی دێموکرات سەرەرای ناکۆکیان لە گەڵ یەکتر و تێکۆشانی بە جیایان هەم لە سەر خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد و ئامانجە لەمێژینەکانی حیزبی دێموکرات بەردەوام بوون و هەم بەرگرییان لە مێژوو و شانازییەکانی ئەم حیزبە کردوە، ئەم لێکدابرانانە سەرەرای تاڵی و نەخوازراو بوونیان بەشێکن لە مێژووی حیزبی دێموکرات.

## کارو چالاکییەکان

راپۆرتێکی گشتی لە سەر ئەو کارو چالاکییە تەشکیلاتییانەی حیزبی دێمۆکرات کە لە چوارچێوەی دامەزراوەی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی فینلاند بەرێوەچووە.

کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی فینلاند لە چوارچێوەی ئەو یاساو پرنسیپانەیە کە لەنێوئاخنی پێڕەو پرۆگرامی حیزبی دێمۆکرات دیاری کراون، کومیتە یا دەستەی بەڕێوەبەری کومیتە لە نێوان دوو کۆنگرەدا دوو جار بە شێوی دیموکراتیک لە کۆنفرانسەکاندا بە دەنگی ڕاستەوخۆی ئەندامان هەڵدەبژێردرین، لە لایەن ئەندامانی هەڵبژێردراو بەرپرسی کۆمیتەی گشتی دیاری دەکرێ و کارەکانی کۆمیتە لە نێوانیاندا دابەش دەکرێن کە بریتین لە بەشەکانی تەشکیلات، ماڵی، حیزبە کوردستانیەکان، پێوەندیە خاریجیەکان و(بە پێی پێویستییەکان زۆر جاران هەندێک بەشی لێ زیادو کەم کراوە یا دەکرێ)

بە پێ بەرنامەی ئایین نامەکان و ئوسوولی کاری ڕێکخراوەیی تەشکیلاتی، بۆ ماوەی چەند مانگ جارێک کۆبونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتە گشتی بەڕێوە دەچێت،(هێندێک جار مانگێک جارێک بەپێی زەرورەت). لەم کۆبوونەوانەدا بەرپرسی هەر کام لە بەشەکان ڕاپۆرتی کارو تێکۆشانی خۆیان پێشکەش دەکەن و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی کارکردی کۆمیتە لەو ماویەدا هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێ. جگە لە کۆبونەوەکانی دەستەی بەڕێوەبەری ساڵانە چەندین کۆبونەوەی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی حیزبی بەڕێوە دەبردرێن، لەم کۆبوونەوانەدا کومیتەی بەڕێوەبەری دەبێ ئەندامان لە کارو چالاکییەکان ئاگادار بکاتەوە بریار، یا ڕێنوێنی و راسپاردەی تەشکیلاتی هەبێ دەبێ بە ئەندامانی رابگەێنێ، هەروەها دەبێ ئەندامان لە باسە گشتییەکانی کۆی سیاسەتی حیزب لە مەڕ مەسەلە جۆربەجۆرەکانی تێکۆشانی حیزب ئاگادار بکاتەوە.

لە کارەکانی دیکەی کۆمیتە کە چالاکانە هەموو ساڵێک هەوڵی بەڕێوە بردنی بۆ دەدرێ، دەتوانین ئاماژە بە ڕۆژە مێژووییەکانی وەک دووی(٢ی ڕێبەندان، دەی(١٠ی خاکەلێوە،) بیست و پێنجی (٢٥ی گەلاوێژ،) بیست و شەشی (٢٦ی سەرماوەز) و هتد بکەین.

جگە لە بۆنە حیزبیەکان لە یادە نەتەوەییەکانیش دا کۆمیتە دەور و نەخشی خۆی گێڕاوە وەک بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆز، بەشداری چالاکانە لە هەلی زێرینی ڕیفڕاندۆم ، کۆبوونەوەی جەماوەری بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە خەباتی رزگاریخوازی برایانمان لە ڕۆژئاوای کوردستان لە کاتی بەرگری لە خاک و خەلک لە بەرانبەر شەڕی داعش .بەشداری چالاکانەی ئەندامان و دۆستانی حیزبی لە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان و هاوکاری ڕێکخراوەی یەکییەتی لاوان و کۆکردنەوەی لاوان لە دەوری یەکتر لە ڕێکخراوی لاوان دا بەمەبەستی هاوکاریکردنیان بۆ چالاکی

زیاتر و دڵنیایی ئەوان لە پشتیوانییەکانی کومیتەی حیزبی لێیان .بەشداریکردن لە خۆپیشاندانی دەربڕینی بێزاری لە پیلانی قۆڵبەستکردنی بەڕێز ئۆجالان و بەشداری لە دەیان بۆنەی ماتەمینی و جێژن و شادی و ڕێپێوان بە دژی داگیرکەرانی کوردستان، لە دەوری یەکتر کۆکردنەوەی بەرفراوانی کوردان بە بۆنەو موناسبەتی نەتەوەیی و نیشتمانی جۆراوجۆر لە وڵاتی فینلاند.

بەڕێوەبردنی دەیان و سەدان ڕێپێوان، سمینار و کۆڕو کۆبونەوەی گشتی بۆ کوردانی دانیشتوی فینلاند. بانگهێشت کردنی زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسیەکانی کورد، بە تایبەتی سکرتێرەکانی حیزب و ئەندامانی دیکەی ڕێبەری.

پێکهێنانی دەیان کۆڕ وکۆبونەوە و سمیناری سیاسی کۆمەڵایەتی.... ، هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ڕێژەیکی بەچاو لە کوردانی نێشتەجێی وڵاتی فینلاند بە هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانەوە وەک هێزو لایەنە سیاسیەکان.

بەشداریکردن لە دەیان کۆڕ و کۆبونەوەی حیزبەکانی دیکەی کوردستان کە چالاکی تایبەت بە خۆیان بەرێوە دەبن. هەروەها لە ماوەی زیاتر لە ٢٥ ساڵەدا کۆمیتە یەک لە دوای یەکەکان هەوڵی داوە لە کاتی سەفەرو سەردانی کادرەکانی رێبەریی حێزب بە تایبەتی سکرتێری گشتی بۆ فینلاند کەڵک وەربگرێ و دیدار و چاوپێکەوتنیان لە گەڵ حیزب و رێکخراوە فینلاندیەکان، پارڵمان و پارلمانتاران، وەزارەتی دەرەوەو هتد.

کومیتەکان هەولیانداوە رۆژنامەکانیش لە فینلاند کەلکیان لێ وەر بگیردرێ و کار ئاسانیان کردوە بۆ ئەوەی سکرتێری حیزب یان کادرەکانی رێبەریی حیزبی دێمۆکرات لە سەردانەکانیان بتوانن دیدارو چاوپێکەوتینان هەبێ و دەنگ ی خەڵکی مافخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان بگەیێننە کۆمەڵگای فینلاندی و ناوەندەکانی دەسەڵات لەم وڵاتە بەشداری لەپەرەپێدان و بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵە کولتوری و ئەدەبیەکان وەک کۆمەڵەی کوردی تورکو، فیدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان لە هێلسینکی، ڕێکخراوی فینکورد و زۆر بابەتی دیکە کە لە چوارچێوەی یاسایی کاری رێکخراوەیی فینلاند هاوتەریب بێ .کۆمیتە یەک لە دوای یەکەکانی حیزب نەخشی سەرەکیان گێڕاوە و جێ پەنجەیان دیاربووە، بەردەوام کومیتەی حیزبی هەوڵیداوە نەخشی کۆکەرەوە و هاوکاریکردن بگێرێ بۆ پەرەپێدان و ناساندنی کولتور و ڕەسەنایەتی داب و نەریتە پەسەند وبەرزەکانی نەتەوەی کورد بە فینلاندی و نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی وڵاتی فینلاند.

## کورتە مێژووی کومیتەی حیزبی دێمۆکرات لە وڵاتی فینلاند

بێگومان هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشان و کارو چالاکی بەرێوەچوونانە کاتی پێویست وخەڵکی خۆنەویست و دڵسۆز و گەلدۆستی دەوێ، هەموو ئەو ئەندامانەی لە ماوەی ئەم ٢٥ساڵەدا لە هەر رێگەیێکەوە بە هەر شێوازێک لە توانایاندا بووبێت هاوکارو پشتیوانی کومیتەی حیزبی دێمۆکرات بوون. گەر بەروونتر ئاماژەی پێ بدەین لە رێگەی ئەم ئۆرگانەوە هەمیشە پالپشتی حیزبەکەیان و خەباتە رەواکەی میللەتەکەیان بوون.

بەخۆشیەوە زۆرن ئەو کەسانەی لە ڕیزەکانی حیزبەکەمان لە خۆیان مایەیان داناوە و بەو ئەرکانە هەستاون، هەر ئەو فیداراکاری وماندووبونانە بوونەتە هۆی ئەوی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند هەمیشە خاوەنی کۆمیتەیەکی کاراو تێکۆشەر بێت و لە ڕیزی ئۆرگانە ئاکتیڤ و کاربەڕێوەبەرەکاندا حیسابی تایبەتی لە سەر بکرێ

### ریزبەندی کۆنفرانس و کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی لە وەڵاتی فینلاند

| کۆنفرانسی یەکەم | |
|---|---|
| ساڵ | بەهاری ١٩٩٦ |
| شووێن | یواسکولا |
| سەرپەرست | میرۆ عەلیار |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- ئەییوب سوری<br>٢- کەریم حەبیبی<br>٣- حەبیب یوسف شاهی<br>٤- برایم فەیزی<br>٥- حاجی حوسێن | |
| ماوەی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | بیست و هەشت (٢٨) مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | ئەییوب سوری |



سەرچاوە Serchawe

| کۆنفرانسی دووهەم | |
|---|---|
| ساڵ | ١٥ - ١١ - ١٩٩٨ |
| شووێن | یواسکولا |
| سەرپەرست | بابا عەلی میهرپەروەر |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- شووانە رەزگەیی<br>٢- ئەییوب سوری<br>٣- عەلی خزری<br>٤- حوسێن مەمەندی<br>٥- کەرەم یوسفشاهی<br>٦- کەریم حەبیبی<br>٧- مەجید حەقی | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | بیست و دوو (٢٢) مانگ |
| بەرپرسی ئەو دورەیەی کۆمیتە | شوانە رەزگەیی |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | کەژاڵ حەسەن پوور |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | سامران خزری |
| تێبینی؛ لەو دەورەیەی کۆمیتەدا بیرۆکەی دامەزرانی کۆمەڵەی ئاشتی بۆ کوردستان و کۆمیتە ناوچەکان هاتە ئاراوە و دەست بە کار بوون، هەروەها لەو دەوریەدا دوو گۆڤار بە ناوەکانی دونیای منداڵان و دەنگی کوردستان چاپ و بڵاو دەبوونەوە. | |

| کۆنفرانسی سێهەم<br>بەرەو کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزب | |
|---|---|
| ساڵ | ١١ - ٨ - ٢٠٠٠ |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | سەعید بیگزادە |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- ئەییوب سوری<br>٢- شوانە رەزگەیی<br>٣- کەریم حەبیبی<br>٤- حوسێن مەمەندی<br>٥- مەجید حەقی | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | بیست و حەوت(٢٧) مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | ئەییوب سوری |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | کەژاڵ حەسەن پوور |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | ئەفشین وەیسی |
| تێبینی: لەم کۆنفرانسەیەدا هەر وەها کاک شوانە، کاک ئەییوب، کاک مەجید، وەستا رەحمان وەک نوێنەر بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی ئیسکاندیناوی دیاری کران و لەوێشەوە کاک شوانە رەزگەیی وەک نوێنەری ئەندامانی حیزب لە فینلاند بۆ کۆنگرەی دوازدەی حیزب هەڵبژێردرا. | |
| کۆنفرانسی چوارەم | |
| ساڵ | هاوینی دوو هەزار و دوو(٢٠٠٢) |
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | خسرەو بەهرامی |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- ئەییوب سوری<br>٢- حوسێن مەمەندی<br>٣- کەریم حەبیبی<br>٤- بابکر سالاری<br>٥- مەجید حەقی | |



سەرچاوە Serchawe

| | |
|---|---|
| ٦- خوشکە مونیرە<br>٧- وەستا رەحمان | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | بیست و پێنج (٢٥) مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | ئەییوب سوری |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | کەژاڵ حەسەن پوور |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | ئەفشین وەیسی |
| تێبینی: لەو دەورەیەدا بەرپرسی کۆمیتە ئاڵوگۆری بەسەر هات واتە لە هاوینی ساڵی دوو هەزار و سێ دا لە کۆبونەوەیەکی دەستەی بەرێوەبەریدا ئەییوب سوری بەرپرسایەتی کۆمیتەی گشتی رادەستی کەریم حەبیبی کرد. | |

| | |
|---|---|
| **کۆنفرانسی پێنجەم**<br>**بەرەو کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب** | |
| ساڵ | ٢٩ - ٥ - ٢٠٠٤ |
| شووێن | یواسکولا |
| سەرپەرست | ئەحمەد جەهانگیری |
| **ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە:** | |
| ١- کەریم رەسوڵی<br>٢- ئەییوب سوری<br>٣- کەریم حەبیبی<br>٤- قادر قادری<br>٥- فازڵ گوڵجانپور<br>٦- عەلیرەزا مورادی<br>٧- شەهین رەزایی<br>٨- مەجید حەقی<br>٩- وەستا رەحمان | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | بیست و شەش (٢٦) مانگ |

| | |
|---|---|
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | کەریم رەسوڵی |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | کەژاڵ حەسەن پوور |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | ئەفشین وەیسی |
| تێبینی: لە ماوەی ئەو دەورەیەی کۆمیتەدا بەرپرسی یەکیەتی لاوان گۆرانی بەسەردا هات و لە کۆبوونەوەیەکی بەرێوەبەری کۆمیتەدا لە جێگای ئەفشین وەیسی کاوە خزری بۆ بەرپرسی یەکیەتی لاوان دیاری کرا.<br>لەو کۆنفرانسەدا نوێنەر بۆ کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە:<br>١- ئەییوب سوری<br>٢- کەریم حەبیبی | |

| کۆنفرانسی شەشەم | |
|---|---|
| ساڵ | ٢٠ - ٩ - ٢٠٠٦ |
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | سادق زەرزا |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- تاهیر قسمی<br>٢- شوانە رەزگەیی<br>٣- کەریم حەبیبی<br>٤- سولیمان شێخانی<br>٥- سەید حەسەن<br>٦- مەجید حەقی<br>٧- وەستا رەحمان | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | چواردە(١٤) مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | تاهیر قاسمی |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | ئەحمەد شەهێن زاد |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | کاوە خزری |



سەرچاوە Serchawe

| |
|---|
| تێبینی: لەو کۆنفرانسەدا هەروەها شاهۆ حوسینی نوێنەری ئەو کاتی حیزب لە دەرەوەی وەڵات بۆ ئاگادارکردنی پێشوەختی کۆمیتەی فینلاند بەشداری کۆنفرانسی کرد کە بوو بە هۆی ئاڵۆزیەکی زۆر لە ناو کۆنفرانسدا. |

| کۆنفرانسی حەوتەم<br>بەرەو کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب | |
|---|---|
| ساڵ | ١٣ - ١٠ - ٢٠٠٧ |
| شووێن | هێلسینکی |
| سەرپەرست | ئەحمەد حوسینی |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- تاهیر قاسمی<br>٢- جەلال فاتمی<br>٣- رێبوار حوسینی<br>٤- رەحمان مەعزوری<br>٥- وەستا رەحمان | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | بیست و چوار مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | تاهیر قاسمی |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | ئەحمەد شەهین زاد |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | کاوە خزری |
| تێبینی: هەروەها لەو کۆنفرانسەدا نوێنەر بۆ کۆنگرەی چوادەهەمی حیزب هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە:<br>١- شەهین زاد ئەحمەد<br>٢- تاهیر قاسمی<br>٣- رێبوار حوسینی<br>هەروەها ئەحمەد حوسینی کە سەر بە تەشکیلاتی فینلاند بوو وەک ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی وەڵات بەشداری کۆنگرەی بوو | |

| کۆنفرانسی هەشتەم | |
|---|---|
| ساڵ | هاوینی دوو هەزار و نۆ (٢٠٠٩) |
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | ئێقباڵ سەفەری |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- ئەحمەد حوسینی<br>٢- رەحمان مەعزوری<br>٣- جەلال فاتمی<br>٤- موسا مەولانی<br>٥- وەستا رەحمان<br>٦- رێبوار کەریمی | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | بیست و سێ (٢٣) مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | ئەحمەد حوسینی |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | ئەحمەد شەهین زاد |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | شەوین مەمەندی |
| تێبینی: لەو دەورەیەی کۆمیتەدا بەرپرسی یەکیەتی لاوان گۆرانی بەسەردا و لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی لاواندا شەوین مەمەندی وەک بەرپرسی نوێ یەکیەتی لاوان هەڵبژێردرا. | |

| کۆنفرانسی نۆیەم | |
|---|---|
| ساڵ | ١٥ - ٤ - ٢٠١١ |
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | ئەحمەد عەزیزی |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |

| | |
|---|---|
| ١- حەسەن حاتەمی<br>٢- ئەییوب سوری<br>٣- تاهیر قاسمی<br>٤- بێستون ئیزەدی<br>٤- وەستا رەحمان | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | پانزدە مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | حەسەن حاتەمی |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | ئەحمەد شەهین زاد |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | شەوین مەمەندی |
| هەروەها لەو کۆنفرانسەدا نوێنەر بۆ کۆنگرەی دوازدەهەمی حیزب هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە:<br>١- حەسەن حاتەمی<br>٢- کەریم رەسوڵی<br>٣- وەستا رەحمان<br>تێبینی: دوایی چەند مانگ کاری ئەو کۆمیتەیە بە هۆی زۆر بوونی کارەکانی لە کۆمیتەی دەرەوەی وەڵات و دوور بوونی لە شاری تورکو لە کۆبوونەوەیەی گشتی دەستەی بەرێوەبەریدا بەرپرسایەتی کۆمیتەی رادەستی وەستا رەحمان کرد. | |

| | |
|---|---|
| **کۆنفرانسی دەیەم** | |
| ساڵ | ٦ - ١٠ - ٢٠١٢ |
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | هاشم رۆستەمی، ئەحمەد حوسینی، حەسەن حاتەمی |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- کەریم رەسوڵی<br>٢- ئەییوب سوری،<br>٣- تاهیر قاسمی | |

| | |
|---|---|
| ٤- رەحمان مەعزوری<br>٥- ئازاد شێخی<br>٦- عەبدوڵا ئەلیاسی<br>٧- کاوە خزری<br>٨- باقی مەحمودی<br>٩- رەزا حەکیم زادە<br>١٠- خەلیل عەلیزادە<br>١١- یوسف رەحمان<br>١٢- جەماڵ چیر<br>١٣- بێستون ئیزەدی<br>١٤- حوسێن مەمەندی<br>١٥- چیا عەبدوڵاپور<br>١٦- وەستا رەحمان | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | چل و سێ (٤٣) مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | کەریم رەسوڵی |
| لەو دەورەیەدا هەر دوو بەرپرسایەتی یەکیەتیەکانی ژنان و لاوان لە کۆبوونەوەی بەرینی ئەندامەکانیاندا بە شێوەی خوارەوە گۆرانیان بەسەردا هات. | |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | گەلاوێژ بازیان |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | سروشت رەسوڵی |
| تێبینی: لەو دەورەیەی کۆمیتەدا بەشی زۆری ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەری لە کۆمیتەی گشتی وەڵات کشانەوە تا وای لێهات لە کۆبوونەوەیەکی بەرینی تەشکیلاتیدا کۆمیتەی گشتی تەرمیم کرایەوە و تا کۆنفرسی یازدەهەم درێژەی بە کارەکانی دا. | |

**کۆنفرانسی یازدەهەم**

**بەرەو کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزب**



سەرچاوە Serchawe

| | |
|---|---|
| ساڵ | ١٢ - ١٢ - ٢٠١٥ |
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | حەسەن حاتەمی |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ئەو کۆنفرانسە تەنیا تایبەت بوو بە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی پانزدەهەمی حیزب کە لە پرۆسەیەکی تەواو دێموکراتیکدا ئەو هاورێیانەی هەڵبژێردران بریتی بوون لە:<br>١- تاهیر قاسمی<br>٢- ئەحمەد حوسینی<br>تێبینی: هەروەها کەریم رەسولیش وەک بەرپرسی کۆمیتەی گشتی فینلاند و ئەحمەد شەهین زاد وەک بەرپرسی یەکیەتی ژنانی دەرەوەی وەڵات بەشداری کۆنگرەی پانزدەهەمیان کرد. | |

| | |
|---|---|
| کۆنفرانسی دوانزدەهەم | |
| ساڵ | ٣٠ - ٤ - ٢٠١٦ |
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | کوێستان گادانی، حەمەرەسوڵ کەریمی |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- تاهیر قاسمی<br>٢- سەید خدر میرسەیدی<br>٣- محەممەد پوزش<br>٤- کاوە خزری<br>٥- گەوەر یوسفی<br>٦- وەستا رەحمان | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | هەژدە(١٨) مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | وەستا رەحمان |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | گەلاوێژ بازیان |



سەرچاوە
Serchawe

| | |
|---|---|
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | فەرزەندە قادری |
| گەوەر یوسفی کە وەک جێگر هەڵبژێردرابوو لە یەکەم کۆبوونەوە خۆی لە کۆمیتە کشاندەوە.<br>تێبینی: لەو دەورەیەی کاری کۆمیتەدا کۆبوونەوەیەکی بەرینی ڕێبەری حیزب لە دەرەوەی وەڵات بە بەشداری سکرتێری گشتی حیزب و نوێنەرانی کۆمیتەی وڵاتەکان کە شاری تورکو پێک هات. | |

| کۆنفرانسی سێزدەهەم ، کۆنفرانسی ٢ی ڕێبەندان | |
|---|---|
| ساڵ | ٢٠ - ١ - ٢٠١٨ |
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | سەعید بیگزادە |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- سەید خدر میرسەیدی<br>٢- موسا مەولانی<br>٣- شۆرش ئەمینی<br>٤- کوردنژاد ئیبراهیمی<br>٤- میرۆ قادری<br>٥- ئایشە محەممەدنژاد<br>٦- بورهان بەهروجە | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | حەڤدە (١٧) مانگ |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | موسا مەولانی |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | شەرافەت ئیبراهیمی |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | فەرزەندە قادری |
| مام کوردنژاد ئیبراهیمی لە سەرەتایی دابەش کاری ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی کۆمیتە لە دەستەی بەڕێوەبەری کۆمیتە کشایەوە.<br>تێبینی: لەو کۆنفرانسەدا هەروەها بەرێز و تێکۆشەر کاک حەسەن رەستگار، رەحیم محەممەدزادە، محەممەد ئیسماعیلی بەشدار بوون. | |

| کۆنفرانسی چواردەهەم ، کۆنفرانسی شەهیدانی حەڤدەی خەرمانان<br>بەرەو کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزب | |
|---|---|
| ساڵ | ٢٠ - ٤ - ٢٠١٩ |
| شووێن | تۆرکو |
| سەرپەرست | حەسەن حاتەمی - محەممەد ئیسماعیلی |
| ئەندامانی کۆمیتەی گشتی فینلاند کە لەو کۆنفرانسە هەڵبژێردران بریتی بوون لە: | |
| ١- قادر قادری<br>٢- کەریم رەسوڵی<br>٣- ئازاد شێخی<br>٤- شۆرش ئەمینی<br>٥- خەلیل عەلیزادە<br>٦- ئایشە موحەممەدنژاد<br>٧- سولێمان ئیبراهیم پور | |
| ماوەی ئەو کۆمیتەیە | |
| بەرپرسی ئەو دەورەیەی کۆمیتە | قادر قادری |
| بەرپرسی یەکیەتی ژنان | شەرافەت ئیبراهیمی |
| بەرپرسی یەکیەتی لاوان | سولیمان ئیبراهیم پور |
| لەو کۆنفرانسەدا ئەندامان نوێنەری خۆیان بۆ کۆنگرەی هەڤدەهەمی حیزب هەڵبژارد کە بریتی بوون لە:<br>١- قادر قادری<br>٢- موسا مەولانی<br>هەروەها ئەحمەد شەهێن زاد بە نوێنەرایەتی یەکیەتی ژنان لە لایەی کۆمیتەی دەرەوە وەڵاتەوە لە کۆنگرە بەشدار بووە. | |



سەرچاوە
Serchawe

# کۆتایی

لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ ئەو کورتە نامیلکەیە لە مێژوی کاری رێکخراوەیی کۆمیتەکانی حیزب لە وەڵاتی فینلاند کە لەبەر دەستتان دایە لە راستیدا بێ کەم و کوری نییە و ناتوانی بڵێی ئەوە کۆی هەموو کار و چالاکی و تێکۆشانی بەرچاوی ئەو ماوەیەی کۆمیتەکانی حیزبە لە وەڵاتی فینلاند، بێ گومان زۆر لەوە زیاتر و بەرچاوتر کە لەو نامیلکەیەدا هاتوە لە هەموو بوارەکانی خەبات و تێکۆشان کار کراوە و هاورێیانی زیاتر لە راپەراندنی بریاراتی حیزبی و بەرێوەبردنی ئەرکەکاندا رۆڵیان گێراوە و بەشدار بوون بۆ نمونە زۆر جار لە رەوتی کارەکانی کۆنفرانسدا لە بەرێوەبەری کۆمیتەکانی حیزبیدا ئەندامێک یا دوو ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری کۆمیتەی گشتی یا کۆمیتە ناوچەکان بە هۆکارگەلێک دەستیان لە کار کێشاوەتەوە کە بە هاورێیانی دیکە جێگایان پر کراوەتەوە و ئەرکەکانیان بەرێوە بردوون و بە هاوکاری ئەندامانی حیزبی نەیان هێشتوە چالاکیەکان پەکیان بکەوێ لە نوسینەوەی ئەو کورتە مێژوەدا تەنیا ئیشارە بە ناوی ئەو کەسانە کراوە کە لە کۆنفرانسەکاندا راستەوخۆ بە دەنگی ئەندامان هەڵبژێردراون، هەر بۆیە ئامادە کردنی ئەم کورتە مێژویە لە کاری رێکخراویی حێزب لە وڵاتی فینلاند بێ کەم و کوری نییە، بۆیە هیوادارین لە داهاتوودا لە گەڵ بە بنەما گرتنی ئەم نوسراوەیە بتوانرێ بە دەست نیشان کردنی خاڵە لاواز و کەم و کوریەکانی ئەو نامیلکەیە تەکمیل تر و دەوڵەمەندتر بکرێت و بخرێتە بەر دیدی هاورێیانمان. لە کۆتاییدا وێرای رێز و دەست خۆشی بۆ هەموو ئەو هاورێ حیزبیانەی کە لەو ماوەیەدا لە کار و تێکۆشانی حیزبیدا بەشدار بوون و زەحمەتیان تێدا کێشاوە، هەروەها جێ خۆیەتی لەو نوسراوەیەدا یادێک بکەین لە هاورێیانی کۆچ کردومان نەمران کاک پیرۆت ئەسکەندەری تێکۆشەری دێرینی حیزب، کاک عومەر حەمیدی ئەندامی پێشوی رێبەری حیزب و کاک خالید ئیبراهیمی ناسراو بە خالیدە سور پێشمەرگەی دێرینی حیزب و هەروەها ناسر هاوشاری ئەندامی حیزب و یەدەی حاجی پێشمەرگەی دێرین کە لەو ماوەیەدا هاورێ و هاوخەباتمان بوون روحیان شاد و رێگا و رێبازیان بەردەوام و پر رێبوار بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی فینلاند

١٥ - ٧ - ٢٠٢١

## کورتە مێژووی کومیتەی حیزبی دێمۆکرات لە وڵاتی فینلاند

---

### هەیئەتی ئامادەکار

- ئەحمەد حوسەینی
- وەستا ڕەحمان
- شوانە ڕەزگەیی
- ئازاد شێخی

---

**ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٢١ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢١ی زایینی**

---






سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێیان کۆمیتەی فینلاندی حیزب و کارو چالاکییەکانیان**

**دەستتان خۆش و هەر بژین بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe